## شازادەکەی کەناری زرێبارێ. . . . . . سەربەستی

Sar_basti@yahoo. com

شازادەکەی کەناری زرێبارێ. . .
بۆ "ڕێفێرێندوم"ی سەرفرازی کورد دەچریکێنێ
گوڵێکی ژێر ئەستێرەکانی ئاسمانی ڕۆژهەلاتێ
نەمامی سەرفرازی دەچێنێ،
وا داری هیوا چاوەڕوانی بەری لێ دەکرێ
کەچ، خاتونی پاکی* سروودەکان،
جیرۆکی جودای دەخوێنێ.
* * *
وەچەی وێژە و داستانی دوازدە سوارەکەی مەریوانێ
بۆ پیشاندانی ڕێز لە ئازار و چەشتنەکانی دوێنێ،
بۆ ڕوناکی و گەشیی ئێستا و داهاتووی کوردستانێ
هەڵگرتنی مەشخەڵ لە ئەستۆی خۆ دەگرێ
و، نزیکی سەد لە سەدی پیرو گەنجی هەوارێ،
بۆ سەکۆی دەنگدان دەنێرێ.
* * *
ئەی فریشتەکەی مەڵبەندی "قانع"ی مەریوانێ. . . .
نەتەوە ستەم دیدەکەت ئارامی بۆ گیانی پاکی** تۆ دەخوازێ
لە هەرکوێیەک بیت تۆ،
لە ژێر ئەستێرەکانی ئاسمانی کوردستانێ
یان لە کەنار فریشتەکانی ئاسمانێ
وشە پاراوەکانت و کەسایەتیت بەرز و لە سەر سەر، ڕادەگرێ.
* * *
پارتیزانەکەی کەناری زرێبارێ. . .
نەمامی سەرفرازی دەچێنێ
نەمامی بوو بە دار. . .، بۆ بەر دەناڵێنێ!
لێ، خاتونی پاکی سروودەکان،
جودای بە وشەی سپی دەردەبڕێ
و، هەواری "میدیا"ش ڕەشی دەپۆشێ

---

* پاک ی: تەواوی
** پاک: خاوێن